دەسەڵاتی سیاسی سەرکەوتوو، هاووڵاتی باش

سەلاح بەیتولا ئاکرەیی

بۆ شرۆڤە کردنی بابەتەکە بە پێویستی دەزانم سەرەتا بە چەند پرسیارێک دەست پێبکەم:
یەکەم: ئایا دەسەڵاتێکی سیاسی سەرکەوتوو کام جۆری دەسەڵاتی سیاسییە؟
دووەم: ئایا هاووڵاتی باش کام هاووڵاتییە.
لە راستیدا دەسەڵاتێکی سیاسی سەرکەوتوو ئەو جۆرە دەسەڵاتەیە کە خزمەتگوزاری بگەیەنێتە هاووڵاتیانی خۆی بە گوێرەی ئەو توانایانەی کە لە بەردەستی دایە بە شێوەیەکی رێکوپێک و بەپێی نەخشە و پلانێکی دارێژراو، بەردەوام بێت لە هەوڵدان بە دوای دابینکردنی رەفاهیەت و خۆشگوزەرانی بەبێ جیاوازی لە گشت رووەیەکەوە.

واتە دەبێ پرۆژەی دەسەڵاتی سیاسی جێبەجێ بکرێت بە جۆرێک کە لە سەرتاسەری وڵات رەنگ بداتەوە بۆ بەرژەوەندی گشتی تاکو بتوانێت زیاتر متمانەی جەماوەر بۆ لای خۆی رابکێشێت و لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا دووبارە سەرکەوتن بە دەست بهێنێتەوە. گەلێک شێوازی دەسەڵات پەیڕەو کراون لە مێژووی مرۆڤایەتی دا هەتاوەکو ئەمڕۆ و زۆر لەو دەسەڵاتە سیاسیانە بۆتە مایەی کاولکاری و لەناو بردنی ملیۆنەها مرۆڤ لە جیهاندا بە شێوەیەکی گشتی، ئەمەش لە ئاکامی پەیڕەو کردنی سیاسەتی فراوانخوازی و ردگەزپەرستی لەلایەن حوکمڕانە دکتاتۆرەکانەوە ئموونەی وڵاتانی ئەورووپی سەدەی رابردوو کە دوو جەنگی جیهانی گەورەی لێکەوتەوە. بەڵام وڵاتانی ئەورووپی بۆ خۆ رزگارکردن لە نەهامەتی و مالوێرانی گەلێک هەوڵی مەزنیان داو توانیان زاڵبن بەسەر هەوڵەکانی رابردووی خۆیاندا ئەمڕۆش لە رووی پێشکەوتن و گەشەسەندندا لەگەڵ هیچ شوێنێکی جیهان بەراورد ناکرێن.

دەسەڵاتی سیاسی سەرکەوتوو ئەو دەسەڵاتەیە کە بڕوای بە مەسەلەی ئالوگۆڕی ئاشتیانە هەبێت. ئالوگۆڕکردنی دەسەڵات بەشێوەیەکی ئاشتیانە هەرچەند ساڵ جارێک ئەنجام دەدرێت، ئەگەر بێتو ئەو پارتە سیاسیەی کە گەیشتۆتە لوتکەی دەسەڵات وەکو پێویست نەیتوانی بێت کاروبارەکانی وڵات بەرێوە ببات ئەمە لە دواجاردا متمانەی جەماوەر لە دەست دەدات.

لە وڵاتانی رۆژئاوادا ئەم پرۆسەیە بەردەوامە بۆیە هەمیشە لەو وڵاتانەدا دەبینین کە دەسەڵاتدارەکانیان هەوڵدەدەن سەرکەوتووین لە بەجێهێنانی ئەرکەکانیاندا بەرامبەر ئەو متمانەیەی کە جەماوەر پێیانی بەخشیوە پارێزگاری لەم متمانەیە و هەوڵی بەهێزتر کردنیشی دەدەن. دەسەڵاتی سیاسی سەرکەوتوو ئەو دەسەڵاتەیە کە توانیبێتی لە ماوەی سیاسیەکانی ناو دەسەڵاتی سیاسی دەکات لە گیروگرفتەکان و کەموکوڕییەکانی هاووڵاتیانی خۆیان ئاگادار ببنەوەو چارەسەری گونجاویش بۆیان بدۆزنەوە. لەبەر ئەوەی ئەگەر هاتوو دەسەڵاتێکی سیاسی ئەم لایەنە گرنگە فەرامۆش بکات، کاتێک رووبەڕووی جەماوەر دەبێتەوە لە هەڵبژاردنەکاندا ناتوانێت سەربکەوێت دووچاری شکستی حەتمی دەبێت لە ململانێ کردن لەگەڵ لایەنە بەشداربووەکانی دیکەدا. پرۆسەی دێموکراسی راستەقینە بەردەوام لە بازنەیەکی فراوان و گشتگیردا دەخولێتەوە، گەورەترین دەسەڵات دەسەڵاتی هاووڵاتیانە کە لە رێگای فەرمانڕەوایەتی خۆیدا زۆرینەی لە رەفتارەکانی خۆی رازی کردبێت لە رووی یەکسانی لە هەمبەر یاسادا و دابینکردنی عەدالەتی کۆمەڵایەتی لە گشت بوارەکانی ژیاندا. ئەمەش پێویستی بە نزیکبوونەوەی دەسەڵات هەیە لە جەماوەر چ بە شێوەیەکی راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بێت، ئەم نزیکبوونەوە وا لە نوخبە سیاسیە دەکات کە گیروگرفتەکانی جەماوەر و هێزی مەزنی جەماوەر لە دەست دەدات. بۆیە وڵاتانی رۆژئاوا توانیان بەم شێوەیە رۆژ لە دوای رۆژ لە رووی سیاسی، ئابووری، رۆشنبیری، زانستی تەکنەلۆژیا ، کۆمەڵایەتی ئەوپەڕی پێشکەوتن و گەشەسەندن بەخۆیانەوە ببینن و بەردەوامیش لە سندوقەکانی دەنگدانەوە واتە لە خوارەوە نوێنەری خۆیان هەڵدەبژێرن بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری وڵاتەکەیان، ئەگەر هاتوو نوێنەرەکەیان سەرکەوتوو نەبوو هەمدیسان دەگەڕێتەوە باوەشی دیکتاتۆرییەت و شۆڤینیەت لەلایەن حکوومەتە یەک لە دوای یەکەکانی ئێراق و لە سەرووی هەموو شیانەوە پارتی بەعسی رەگەزپەرست کە بۆ ماوەی 35 ساڵ جلەوی دەسەڵاتی گرتبووە دەست هەرچی بەها ماددی و مەعنەوییەکانی ئەم وڵاتە هەبوون لە ناویان برد و وڵاتیان کاول و خاپوور کردو بە ملیۆنەها خەڵکی سڤیلی ئەم وڵاتەیان لە بەرەکانی جەنگە یەک لە دوای یەکە نارەواکاندا بە کوشت دان و ماوەی پێنج ساڵیشە کە رژێمی بەعس روخێندراوە هەتا ئێستاش گەلانی ئێراق بە گشتی باجی سیاسەتی هەڵەی ئەوان دەدەنەوە و پێشموا نییە ئەم وڵاتە بکەوێتەوە سەر ئاراستەی ئاسایی خۆی کە ئەو ئاراستەیەش بریتیە لە جێگیرکردنی سیستەمێکی سیاسی دێموکراسی لە ئێراقدا لە ئەنجامی شرۆڤەکردنی سەردەماندا بۆمان روون بوبەوە کە دەسەڵاتی سیاسی سەرکەوتوو دەبێ چۆن مومارەسەی دەسەڵات بکات و بە پێچەوانەوە چ ئاکامێکی لێدەکەوێتەوە.

فاکتەرەکانی سەرکەوتنی دەسەڵاتێکی سیاسی گەلێک زۆرن یەکێک لەو فاکتەرە گرنگانەش کە دەبێتە هۆی سەرکەوتنی دەسەڵاتێکی سیاسی خودی هاووڵاتیە. هاووڵاتیش ئەرکی لەسەرە و مافیشی هەیە و هاووڵاتی باش بریتیە لەو کەسەی کە هەست بە بەرپرسیاریەتی دەکات و سنووری ئازادییەکانی خۆی رەچاو دەکات و دەزانێت ئەو تا رادەیەک ئازادە کە ئازادی و مافی کەسانی دیکەی پێشێل نەکردبێت و گوێڕایەڵی ئەو بنەما یاساییانە بێت کە ئەرکەکانی تیایدا دیاریکراوە و جێبەجێیان بکات تاکو بتوانێت لە بەرامبەریاندا مافەکانی خۆی دەستەبەر بکات. هەروەها هاووڵاتی باش ئەو هاووڵاتیەیە کە بەرژەوەندی گشتی لە سەرووی بەرژەوەندی خۆیدا دابنێت و بەرژەوەندی تایبەتی خۆی لە بەرژەوەندی گشتی بدۆزێتەوە. بەمجۆرە لە کۆتاییدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئەگەر دەسەڵاتێکی سیاسی سەرکەوتوو بوو تەعبیری لە ماف و ئازادییەکانی هاووڵاتیانی خۆی کرد ئەو کات هاووڵاتیانیش کیانی سیاسی خۆیان لا خۆشەویست دەبێت و ئاسایشی نەتەوەیش لە هەرەشەکان و مەترسیەکان دوور دەکەوێتەوەو رۆژ لە دوای رۆژ وڵات پێش دەکەوێت و خۆشەویستی بۆ گەل و وڵات بەهێزتر دەبێت لە ناخی هەموواندا.

■ دەسەڵاتی سیاسی سەرکەوتوو ئەو دەسەڵاتەیە کە بڕوای بە مەسەلەی ئالوگۆڕی ئاشتیانە هەبێت ■

سیستەمی رەهاو خۆسەپێنن، کۆسپی گەورەیان دروستکردووە لە بەردەم پێشکەوتن و گەشەسەندندا کە ئەمەش بە سیستەمێکی سیاسی دێموکراسی دێتەکایەوە. دەوڵەتی ئێراق وەکو بەشێک لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست هەر لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە تاکو رووخانی رژێمی بەعسی فاشی بەهۆی پەیڕەوکردنی مەنهەجی دیکتاتۆرییەت و شۆڤینیەت لەلایەن حکوومەتە یەک لە دوای یەکەکانی ئێراق و لە سەرووی هەموو شیانەوە پارتی بەعسی رەگەزپەرست کە بۆ ماوەی 35 ساڵ جلەوی دەسەڵاتی گرتبووە دەست هەرچی بەها ماددی و مەعنەوییەکانی ئەم وڵاتە هەبوون لە ناویان برد و وڵاتیان کاول و خاپوور کردو بە ملیۆنەها خەڵکی سڤیلی ئەم وڵاتەیان لە بەرەکانی جەنگە یەک لە دوای یەکە نارەواکاندا بە کوشت دان و ماوەی پێنج ساڵیشە کە رژێمی بەعس روخێندراوە هەتا ئێستاش گەلانی ئێراق بە گشتی باجی سیاسەتی هەڵەی ئەوان دەدەنەوە و پێشموا نییە ئەم وڵاتە بکەوێتەوە سەر ئاراستەی ئاسایی خۆی کە ئەو ئاراستەیەش بریتیە لە جێگیرکردنی سیستەمێکی سیاسی دێموکراسی لە ئێراقدا لە ئەنجامی شرۆڤەکردنی سەردەماندا بۆمان روون بوبەوە کە دەسەڵاتی سیاسی سەرکەوتوو دەبێ چۆن مومارەسەی دەسەڵات بکات و بە پێچەوانەوە چ ئاکامێکی لێدەکەوێتەوە.

فاکتەرەکانی سەرکەوتنی دەسەڵاتێکی سیاسی گەلێک زۆرن یەکێک لەو فاکتەرە گرنگانەش کە دەبێتە هۆی سەرکەوتنی دەسەڵاتێکی سیاسی خودی هاووڵاتیە. هاووڵاتیش ئەرکی لەسەرە و مافیشی هەیە و هاووڵاتی باش بریتیە لەو کەسەی کە هەست بە بەرپرسیاریەتی دەکات و سنووری ئازادییەکانی خۆی رەچاو دەکات و دەزانێت ئەو تا رادەیەک ئازادە کە ئازادی و مافی کەسانی دیکەی پێشێل نەکردبێت و گوێڕایەڵی ئەو بنەما یاساییانە بێت کە ئەرکەکانی تیایدا دیاریکراوە و جێبەجێیان بکات تاکو بتوانێت لە بەرامبەریاندا مافەکانی خۆی دەستەبەر بکات. هەروەها هاووڵاتی باش ئەو هاووڵاتیەیە کە بەرژەوەندی گشتی لە سەرووی بەرژەوەندی خۆیدا دابنێت و بەرژەوەندی تایبەتی خۆی لە بەرژەوەندی گشتی بدۆزێتەوە. بەمجۆرە لە کۆتاییدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئەگەر دەسەڵاتێکی سیاسی سەرکەوتوو بوو تەعبیری لە ماف و ئازادییەکانی هاووڵاتیانی خۆی کرد ئەو کات هاووڵاتیانیش کیانی سیاسی خۆیان لا خۆشەویست دەبێت و ئاسایشی نەتەوەیش لە هەرەشەکان و مەترسیەکان دوور دەکەوێتەوەو رۆژ لە دوای رۆژ وڵات پێش دەکەوێت و خۆشەویستی بۆ گەل و وڵات بەهێزتر دەبێت لە ناخی هەموواندا.

بۆچی دەوڵەتانی ناوچەکە لە ئێراقێکی فیدراڵی دەترسن؟!

جگەر سۆز پێندرێیی

سیستەمی فیدراڵی ئەگەرچی سەردەمێکە لە وڵاتگەلێکی ئەم جیهانە پان و بەرینەدا پەیڕەو دەکرێت، بەڵام بۆناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست شتێکی تازەو مۆدێلێکی نوێیە، چونکە هێشتا لەم ناوچەیە کەشوهەوایەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی وا نەرەخساوە کە پێشوازی لەم جۆرە سیستەمانە بکرێت، چ لەلایەن گەلانی ئەم ناوچەیەوە، چ لەلایەن دەستەڵاتدارەکانەوە بەوپێیەی زۆربەی هەرە زۆری رژێمە دەستەڵاتدارەکانەوە تۆتالیتارو دیکتاتۆرو تاکڕەون، بۆیە نەک هەر نایانەوێ ئەم سیستەمە سەقامگیر بێ و جێبەجێ بکرێت، بەڵکو بەگشت شێوەیەک دژی دەوەستن، بۆئەوەی جلەوی دەستەڵاتیان لەدەست دەرنەچێ.

زۆر جار لێرەو لەوێ پرسیاری ئەوە دەکرێ ئاخۆ بۆچی وڵاتانی دراوسێی ئێراق و ناوچەکە بەگشتی نایانەوێ ئێراقێکی فیدراڵی دروست بێت؟!!

ئەڵبەتە ئەگەر لاپەڕەکانی مێژووی رژێمی بەعس و سەدامی گۆڕبەگۆڕ هەڵدەینەوە دەگەینە ئەو ڕاستیە کەیەکێک بووە لە دڕندانەترین رژێمەکانی ناوچەکەو جیهان، چونکە بەدرێژایی تەمەنی خۆی شەڕی بەگەلانی ئێراق و ئێران و کوێت فرۆشتووە و بەملیۆنان مرۆڤی کوشتووەو زیندەبەچاڵکردووە و ئاوارەو دەبەردەر کردووە، هۆکاری سەرەکی دروستبوونی ئەم رژێمە خوێن مژەش بەپلەی یەکەم بۆ ئەو بیرە تەسک و شۆڤینیە دەگەڕێتەوە کەسەرانی ئەم رژێمانە هەیانبووە، ئەم بیرو هزرەش وایکردووە کەگشت سەرچاوەکانی دەستەلات بۆ خۆیان قۆرغبکەن و دەستەلاتی خۆیان بەهێزی چەک و زەبرو زەنگ بەسەر خەڵکدا بسەپێنن و دژی شەپۆلەکانی دێموکراتیەت و فەرەیی مەلە بکەن، کەواتە نەک هەرگەلانی ئێراق بەتەنیا ، بگرە وڵاتانی دراوسێ و ناوچەکەش لەم رژێمە هۆڤ و دیکتاتۆرە زەرەرمەند بوون، بەڵام پرسیاری گرنگ ئەمەیە ئاخۆ بۆچی هەمان ئەو وڵاتانەی کاتی خۆی بەدەستی ئەم رژێمەوە دەیانناڵاند ئێستا لەئێراقێکی فیدراڵی دەترسن؟ دەبێ چ سڕێک لەمەدا بێ؟

حەقە لێیان بپرسین ئایا هەبوونی ئێراقێکی فیدراڵی کە مافی گشت پێکهاتەو نەتەوەو مەزهەب و ئایینەکان دەستەبەر بکات باشترە، یان دوو بارەکردنەوەی ئەزموونی پێشووی رژێمی سەدامی گۆڕ بەگۆڕو رژێمی فاشستی بەعس.

ڕەنگبێ هەندێ کەس پێیان وابێ ئەمانە بەهەڵەداچووینە، بەڵام ئەوەی ڕاستیبێ ئەمانە لەئایندەی دەستەلات و کورسی خۆیان دەترسن، چونکە گومان لەوەدانییە ئەگەر ئەزموونی فیدراڵی لە ئێراق سەربگرێ ئەوە بۆئەو وڵاتانەش پەل دەهاوێژێ و نموونەیەکی سەرکەوتوو دەبێ بۆ ئەوەی گەلانی ئەو ناوچەیەش چاوی لێبکەن و لەژێر دەستی ئەم رژێمە دیکتاتۆرانە رزگاریان ببێ.

بێگومان هەبوونی ئێراقێکی فیدراڵی نەک هەر تەنیا بۆخوودی ئێراقیەکان بەڵکو بۆگشت گەلان و وڵاتانی ناوچەکەش کارێکی سوودبەخشە ، چونکە خێرو خۆشی لەگەڵ خۆی دێنێ و دەبێتە هۆکارێکی سەرەکی و فاکتەرێکی گرنگ بۆ پێکەوە ژیانی گەلانی ئێراق بەشێوەیەکی ئارەزوومەندانە ، هەورەها هێمنی و ئاسایش و تەنایش بۆ ئێراق و وڵاتانی دراوسێ و ناوچەکە دابین دەکات و رێگاش نادات جارێکی تر دیکتاتۆریەت و شۆڤینیەت بگەڕێتەوە ئێراق.

بۆیە باشترایە وڵاتانی دراوسێی ئێراق و عەرەبی و ناوچەکە لەبری ئەوەی دژی ئەم ئەزموونە نوێیە بوەستن، یارمەتی و هاوکاری بکەن، بۆئەوەی برینەکانی گەلانی ئێراق سارێژبینەوە و کۆتایی بەناخۆشی و مەینەتیەکانیان بێت و دەستی ڕەشی تیرۆرو تیرۆریستان ببڕێت و وڵاتی خۆی ئاوەدان بکاتەوەو شان بەشانی گەلانی تری جیهانی بەخۆشی و بەختەوەری بژێت،

هەواڵ و تەواوکەری هەواڵەکان ... هەواڵ و تەواوکەری هەواڵەکان ... هەواڵ و تەواوکەری هەواڵەکان ... هەواڵ و تەواوکەری هەواڵەکان ... هەواڵ و تەواوکەری هەواڵەکان ... هەواڵ و تەواوکەری هەواڵەکان ...

*** یەڤگینی پریاکۆڤ: پێویستە فیدراڵیزمی هەرێمی کوردستان مسۆگەر بکرێت**

کرد. هاوکات دووپاتیکردەوە پێویستە کەرکووک بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان و فیدراڵیزمی هەرێمی کوردستان مسۆگەر بکرێت و ئامارەی بەوەشدا ڕووسیا پاڵپشتی تەواوی ئێراق و هەرێمی کوردستان دەکات و کار بۆ پتەوکردنەوەی پەیوەندیی ئابووری لەگەڵ ئێراق و هەرێمی کوردستان دەکات **(لەمبارەیەوە ڕاپۆرتێک لە ل2 بخوێنەوە)** شیاوی باسە پریاکۆڤ پێنجشەمەی ڕابردوو بەداوەتی سەرۆک کۆماری ئێراقی فیدراڵ گەیشتە کوردستان.

*** بەڕێوەچوونی کۆنفرانسێک دەربارەی چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەکانی کەرکووک**

چۆنیەتی چارەسەرکردن کێشەو ململانە سیاسییەکان، هەر لەم بارەیەوە بەرێز نەجات حەسەن بەرپرسی لقی 3ی پارتی و ئەندامی بەشدار لەم کۆنفرانسە لە وڵاتی ئەردەنەوە لە لێدوانێکی تایبەتدا بە خەباتی ڕاگەیاند: ئەم کۆنفرانسە لە قۆناغێکی هەستیاردا سازدەکرێ و ئێمەش وەکو نوێنەری جەماوەری پارتی دێموکراتی کوردستان لە کەرکووک بەشداریان کردووە، لەم کۆنفرانسەدا باس لە ئایندەی شاری کەرکووک دەکرێت و لە دانیشتنی دوێنێی ئەندامانی بەشداربووان بەسەر چەند گرووپێک دابەشکراون بۆ ئەوەی لە نزیکەوە لە یەکتر تێبگەین تاکو بەیەکەوە رێگاچارەیەک بۆ کێشەوگرفتەکانی شاری کەرکووک دەستنیشان بکەین، شایانی باسە بەرپرسی لقی 3ی پارتی لە کۆنفرانسەکەدا ڕاپۆرتێکی سەبارەت بە رێگای یاسایی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی کەرکووک پێشکەشکردو بووە جێگای ڕەزامەندی ئەندامانی ئەو کۆنفرانسەکە، بڕیارە ئەم کۆنفرانسە بۆ ماوەی 4 ڕۆژ بخایەنێت و چەندین پرۆفیسۆرو کەسایەتی بەناوبانگ و مامۆستایانی پسپۆر لە بواری ناکۆکی لەم کۆنفرانسەدا بەشدارن.

*** لیستی هاوپەیمانی کوردستان، یەکەمی یەکێتی پەرلەمانتارانی ئێراقی بەدەستهێنا**

هەرچەندە لیستی ئیئتیلافی یەکگرتوو بە ژمارەی ئەندامانی لە ئێمە زیاترە، بەڵام لیستی هاوپەیمانی کوردستان توانی لەو هەڵبژاردنە لەوان زیاتر دەنگ بێنێ، هۆکاری ئەمەش بۆ زیاتر ڕێکخراوەیی لیستی ئێمەو متمانەی زیاتری لە نێو ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئێراقی دەگەڕێتەوە. ئەندامانی هەڵبژێردراوی لیستی هاوپەیمانی کوردستان ئەمانەن: (سیروان زەهاوی، پەروین سالح، ئازاد تۆفیق، ئەزهار ڕەمەزان، مەحما خەلیل) 2 ئەندامە یەدەگەکەش بەناوەکانی (سامی شەبەک، عەبدولئەحەد ئەفرام) هەرچەندە ئەم یەکێتییە وەکو دامەزراوەیەکی مەدەنییە و زیاتر ئەرکی داکۆکیکردن لە پەرلەمانتاران و پتەوکردنی پەیوەندییەکانی نێوان ئەندامانی ئەمڕۆ و دوێنێیە، ئەو سەرکەوتنە دەسکەوتێکی گەورەیە بۆ لیستی هاوپەیمانی کوردستان.

*** ئەنجوومەنی پارێزگای دیالە هاریکاری کەسوکاری شەهیدەکانی تەقینەوەکەی حەمەرین و بریندارەکانی کرد**

ڕۆژی مانگی 4ا خۆکوژێک لەکاتی بەخاک سپاردنی تەرمێکدا خۆی تەقاندەوە لە ئاکامدا 18 کەس گیانیان سپاردو 40 کەسی دیکەش بریندار بوون.

*** بۆ سەرپەرشتیکردنی ئۆپەراسیۆنی نەرەی شێر مالیکی و هاشمی گەیشتنە مووسڵ**

گەورە لە نێو مووسڵ لە ئارادایە بۆ ئەوەی دەست بە ئۆپەراسیۆنی سەربازی ئەو شارە بکرێت و ژمارەیەک فەرماندەی سەربازی گەورە بۆ ئەو مەبەستە گەیشتوونەتە ئەوشارە. کەشمولە ڕوونیشیکردەوە، ڕەوشی ئەمنی مووسڵ گەیشتووەتە ڕادەیەکی خراپی ئەوتۆ کە چینەر تەحەمول ناکرێت و لەو قۆناغەدا لەناوبردنی تیرۆریستان زەرووردتێکی زۆر پێویستە.

*** کەرکووک... دەسگیرکردنی 12 تیرۆریست**

کە لەلایەن هاووڵاتیانی خورماتوو بەدەستمان گەیشت توانیمان لە هەڵمەتێکی گەڕان و پشکنین لە سنووری باشوری شارۆچکەی خورماتوو 12 تیرۆریستی سەر بە گرووپی دەوڵەتی ئێراقی بەناو ئیسلامی دەسگیریکەین، موقەدەم خەلیل کەمال ئامارەی بەوەشدا، لە هەمان ئۆپەراسیۆندا حەشارگەیەکی چەک و تەقەمەنیش دۆزرایەوە کە بریتیبووە لە 7 پارچە چەکی کلاشنکۆف و 11 بۆمبی چێندراو و بڕێک لە TNT. لەلایەکی دیکەوە هێزەکانی پۆلیسی لەیلان لە نێوان ڕێگای کەرکووک ـ لەیلان بۆمبێکی چێندراویان بەبێ گەیاندنی زیانی گیانی پووچەڵکردەوە.

*** دیالە... دەسگیرکردنی 16 چەکدارو پووچەڵکردنەوەی 35 بۆمبی چێنراو**

پووچەڵکردەوەو 13 حەشارگەی چەک و تەقەمەنیان تێکشکاند. قورەیشی ئامارەی بەوەشدا کە پرۆسەکە بە پاڵپشتی هێزەکانی فرەڕەگەز ئەنجامدراوە بەبێ ئەوەی هیچ زانیارییەکی زیاتر دەربارەی ئەو پرۆسەیە ئاشکرا بکات. جێی ئامارەیە ماوەی 6 ڕۆژە هێزە ئێراقییەکان بە هاوکاریی هێزەکانی ئەمەریکا ئۆپەراسیۆنێکی سەربازیبان لە قەزای بەلەدەرۆزی سەر بە قەزای باقووبە لە دژی چەکداران دەستپێکردووە لە ژێر ناوی بروسکەی بریقەدار. بەپێی سەرچاوە ئەمنییەکان تا ئێستا ئەو پرۆسەیە پاککردنەوەی 13 گوند و کوژرانی دەیان چەکداری لێکەوتۆتەوە کە زۆربەیان سەر بە ڕێکخراوی قاعیدەن.

*** ئێراق چەند گیراوێکی سعوودیەی تەسلیم کردەوە**

راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ئێراقی لە بارەی تەسلیم کردنی چەند هاووڵاتییەکی سعوودی بە حکوومەتی ریاز گوتی: ئەوە کارێکە لە چوارچێوەی هاوکاری یەکتری دەکەین بە مەبەستی ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسییەکانی تیرۆر لە ناوچەکەدا.

*** بریکاری وەزیری دارایی ئێراقی فیدراڵ لە هەوڵێکی تیرۆرکردن ڕزگاری بوو**

هاووڵاتییەکیش بریندار بوو، هەروەها 3 لە ئۆتۆمبێلەکانمان زەرەروزیانیان بەرکەوت. جێی باسە ئەم ڕووداوە لە نزیک باڵیۆزخانەی ئێران لە گەڕەکی ساڵحیەی ناوەڕاستی بەغدا ڕوویداو بریکاری وەزیری دارایش سەلامەت دەرچوو.

*** ئەمەریکا... لە هەڵبژاردنەکانی ئامادەکاریدا هیلاری هەلی زیاتری لە پێشدایە**

دەرکەوتووە هیلاری ڕێژەی 66% نیازی دەنگەکانی بەدەستهێناوە لەبەرامبەر 23% بۆ ئۆباما لە ویلایەتی ڤیرجینیای ڕۆژئاوا کە سێشەمە هەڵبژاردنی تێدا ئەنجام دەدرێت. ڕاپرسییەکە 7 و 8 ی ئایار لەسەر 600 دەنگدەر ئەنجامدراوە لە 20ی ئایاریش لە ویلایەتی کنتاکی، هیلاری کلینتۆن هەڵێکی زۆری لە پێشدا دەبێت، چونکە بەپێی ڕاپرسییەکی پەیمانگای ڕاسمۆسن لە 5 ی ئادار هیلاری لەوشوێنە بە 25 لەگەڵ ئۆباما سەرکەوتووە. لە ڕاپرسییەکی دیکەی پەیمانگای سۆرفی USA کە لە 3ـ5ی ئایار ئەنجامیدابوو هیلاری کلینتۆن بەڕێژەی 62% دەنگەکانی بەرامبەر 28% بۆ ئۆباما بەدەستهێناوەو ململانێ لەسەر دەنگی 51 نوێنەر دەکرێت.

*** وەزارەتی دەرەوە ئاسانکاری پێشکەش بە ئێراقییەکانی ناو لوبنان دەکات**

جێگەی ئامادەیە، هەر دوێنێ ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئێراقی لەسەر لیستی هاوپەیمانی کوردستان داوای لە حکوومەتی ئێراقی کردبوو کە هەنگاوی بە پەلە بهاوێژێت بۆ پاراستنی گیانی ئەو ئێراقییانەی کە لە لوبنان دەژین.

*** ئێراق گەورەترین بەکاربەری گەنمی ئەمەریکییە**

گەنمی ئەمەریکی و کەنەدی و ئوسترالی بکرێت. ئەمەو ئێراق بە گەورەترین بەکاربەری گەنمی ئەمەریکی ئەژمار دەکرێت، کە سالانە دەگاتە نزیکەی 3 ملیۆن تۆن ئەمە سەرەڕای یەک میلۆن تۆن لە برنج.

شاژنی بەریتانیا سەردانی تورکیا دەکات

AFP: بە مەبەستی پتەوترکردنی پەیوەندییەکانی نێوانیان و پشتگیریکردنی بە ئەندامبوونی تورکیا لە یەکێتی ئەوروپا ، شاژنە ئەلیزابێتسی دووەم شاژنی بەریتانیا سەردانی تورکیا دەکات. نایک بیرد باڵیۆزی بەریتانیا لە ئەنقەرە لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانییدا ڕایگەیاند: ئامانجی سەرەکی سەردانەکەی شاژنە ئەلیزابێتسی دووەم بۆ تورکیا دووپاتکردنەوەی پشتگیریکردنی حکوومەتی بەریتانیایە بۆ بە ئەندامبوونی تورکیا لە یەکێتی ئەوروپا. باڵیۆزی بەریتانیا لە ئەنقەرە گوتیشی: شاژنە ئەلیزابێتس لە میانەی سەردانە 3 ڕۆژییەکەیدا بۆ تورکیا لەگەڵ بەرپرسانی تورک کۆدەبێتەوە بۆ گفتوگۆکردن دەربارەی چۆنیەتی گەشەپێدان و پتەوترکردنی پەیوەندییەکانی نێوانیان لەگەڵ گفتوگۆکردن دەربارەی بارودۆخی ناوچەکەو جیهان و تاوتوکردنی چەندین مەسەلەی گرنگ و پەیوەندیدار بەچارەنووسی هەردوو وڵاتەوە. هەروەها باڵیۆزی بەریتانیا لە ئەنقەرە گوتیشی: شاژنە ئەلیزابێتس لە میانەی گەشتە 3 ڕۆژەکەشیدا بۆ تورکیا سەردانی هەریەکە لە ئەنقەرە و ئەستەمبۆڵ و بورسە دەکات و ئامادەی چەند چالاکییەکی هەمەجۆر دەبێت.

جەیشی مەهدی لە شەقامەکانی گەڕەکی سەدر کشاونەتەوە

ئەستۆشید پریس: دوای ڕاگەیاندنی ئاگربەست لە نێوان سوپای مەهدی و سوپای ئێراقدا لە مەدینەسەدر، چەکدارەکان لە شەقامەکان کشاونەتەوەو بارودۆخی ئەو ناوچەیە ئارام بۆتەوە. لێپرسراوانی مەدینە سەدر ڕایانگەیاند: دوێنێ هیچ تەقینەوەو پێکدادانێک نەبووەو ئەوەش یەکەم جارە دوای 40 ڕۆژ ئەو ناوچەیە ئارامی بەخۆوە ببینێت. ئارامبوونەوەی ئەو ناوچەیەش دوای زیاتر لە 40 ڕۆژ لە پێکدادان دێت لە نێوان سوپای ئێراق و میلیشیای مەهدی سەر بە موقتەدا سەدردا، بەڵام ڕۆژی هەینی ڕابردوو ئاگربەستێک لە نێوان هەردوولا ڕاگەیەنرا. حکوومەتی ئێراق ڕایگەیاند: سەرەڕای ئەو ئاگربەستە مافی ئەوەی هەیە بەدوای چەکدارە داواکراوەکاندا بگەڕێت و مالآن بگەڕێت بە مەبەستی دەست بەسەراگرتنی چەک و تەقەمەنی.